# پێشەکی

## مامۆستا عبداللطیف أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله:

خـــوای پـــەروەردگار فەرمویـــەتی : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ذَٰلِكُمۡ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ الأنعام: ١٥٣

واتە: ئەو ڕێباز و سوننەتەی کە پێغەمبەرﷺی لەسەرە ئەوە ڕێگای ڕاستی منە، دەی شوێنی بکەون و لەسەر ئەو ڕێگایە بڕۆن بە تەنها. وە نەکەونە شوێن ڕێچکەکان ئەگینا ڕێچکەکان لاتان دەدەن لە ڕێگای ڕاستی خوا. وە ئەمەشە کە خوای گەورە وەسیەتتانی پێ دەکات بۆ ئەوەی لە خوا بترسن، وە لە توڕەیی و سزای خوا پارێزراو دەبن ئەگەر لە ڕێچکەکان دوورکەوتنەوە و تەنها شوێن ڕێبازی ڕاست کەوتن.

بەڵام بەداخەوە هەندێ لە موسوڵمانان ئەم وەسیەتەیان واز لێ هێناوە و لە جیاتی شوێن کەوتنی ڕێبازی ڕاستی سوننەت کەوتوونەتە شوێن ڕێچکە داهێنراوەکان. وە تەنها بەوەش نەوەستاون کە خۆیان فەرمانەکەی خوای گەورەیان شکاندووە بەڵکو چەندان شوبهە و گومانیش دەهێننەوە بۆ بە شەرعی دانانی کارەکەیان و پێچەوانەکردنەوەی وەسیەتەکە، چونکە وەسیەتەکە وەکو دیارە پێك هاتووە لە :

١–فەرمانێك (الامر) فەرمان کردن بە شوێن کەوتنی سوننەت."فاتبعوه"

٢–قەدەغەکردنێك(النهي) کە نەهی کردووە لە شوێنکەوتنی ڕێچکەکان "ولاتتبعوا السبل".

بەڵام دەبینین حزبیەکان ئەمرەکەیان واز لێ هێناوە و نەهی یەکەیان جێ بەجێ کردووە، وە بەمەش وەسیەتەکەیان هەڵوەشاندۆتەوە.

جگە لەمەش ئەوان وەسیەتی خەڵکی دەکەن بە پێچەوانەی وەسیەتی خوای گەورە، بەشێوەیەکی وەها کە ئەوەی خوا حەرام و قەدەغەی کردووە و نەهی لێ کردووە ئەوان فەرمانی پێ دەکەن و لەسەر خەڵکی واجب دەکەن کە حزبایەتی و شوێن رێچکە کەوتنە.

وە ئەوەش کە خوا واجبی کردووە بە عەیبی دەزانن کە بریتی یە لە (لا حزبیة) واتە تەنها شوێن ریبازی سوننەت کەوتن.

وە بۆ ئەوەی خەڵکی چەواشە نەکەن و حەق و ناحەق هەڵنەگێڕنەوە و پۆشاکی حەق نەکەنەبەر ناحەق ئەوە زانایان هەڵساون بە هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی حزبیەکان.

وە برای بەڕێزمان کاك (هیوا نجم الدین) هەڵساوە بەکۆکردنەوەی فەتوای زانایانی سەردەم و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانی کوردی ، وە دواجاریش هەڵوەشاندنەوەی شوبهەی حزبیەکان، بە فەزڵی خوا توانیویەتی شوبهەکانیان هەڵوەشێنێتەوە، وە سوپاس بۆ خوا منیش چەند زیادە و تێبینیەکم لەسەر نووسی[1]، داواکارم حەقمان پێکا بێت، وە داواکارم لە خوای پەروەردگار بەرەکەت بخاتە ئەم نووسراوەوە و موسوڵمانانی کورد سوودی لێ ببینن، وە ئەوانەش کە حەق ویستن خوا هیدایەتیان بدات و سوور نەبن لەسەر شوێنکەوتنی گومان و شوبهە و حزبایەتی.

وە داواکارم لە خوای گەورە کە حەق بەحەق ببینن و ناحەقیش بە ناحەق ، وە تێبگەن کە فرە حزبێتی دەردە نەك دەرمان، وە هۆی سەرەکی فەشەلی

---

[1] ئەو تەعلیق و تێبینی یانەی مامۆستا عبداللطیف نوسیویەتی، لە پەراوێزدا نەقڵم کردووە و لەپێش هەموویەوە نوسراوە مامۆستا عبداللطیف ، واتا بەم شێوەی خوارەوە:

**مامۆستا عبداللطیف : ......**

**موسـولْمانانه نـەك سـەركەوتنیان، وەك خـوای گـەوره دەفـەرموێت: ﴿وَلَا تَنَـٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ﴾ الأنفال: ٤٦**

**خوای گەوره ئاخیرمان خێر بكات و كۆمـان بكاتـەوه لەسـەر رێبـازی راسـتەقینەی سوننەت و بمانپارێزێت له رێگەی چەوتی حزبایەتی.**

والحمد لله و الصلاة و السلام على رسول الله.

**نوسینی**

عبداللطيف أحمد مصطفى[1]

---

[1] مامۆستای بەرێز ناوی تەواوی "عبداللطيف أحمد مصطفى" یه له سالی ١٩٦٩ له دایك بـووه، لـه پاش تەواوكردنی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامـادەیی لـه بەشـی زمـانی عـەرەبی لـه كۆلێـژی ئادابی زانكۆی موستەنسریه وەرگیراوه ، سوپاس بۆ خوا بەسەركەوتووی قۆناغەكانی خۆێندنی بڕیوه.

لـەدوای تـەواوكردنی خۆێنـدی زانكـۆ لـه ١٩٩٢ بـه پیـشەی مامۆسـتا لـه دواناوەنـدی چـوارقوڕنه دادەمـەزرێت، پاشـان ولات بـەجێ دەهێڵێـت و سـەردانی كۆمـەڵێك لـه ولاتـانی ئیـسلامی دەكـات بـۆ وەرگرتن و فێربوونی زانستی شەرعی.

وه لەو زانا بەرێزانەی كه لایان ماوەتەوه و دەرسی لا خوێندوون:

١–زانا و شارەزا به زانستی قورئان و جۆرەكانی قورئان خوێندن شێخ حسين عشيش له سودان.

٢–زانا و فەقیه و شارەزا شێخ جميل صبري له شاری تەعز له ولاتی یەمەن.

٣–زانا و فەرموودەناس شێخ سامي العربي له شاری صنعاء له ولاتی یەمەن.

٤–زانا و فەرموودەناسی ولاتی یەمەن شـێخ مقبل بن هادي الـوادعي رەحمـەتی خـوای بـێ بێـت كـه خـاوەن مەركـەزێكی گـەورەی زانـستی شـەرعی یـه بـەناوی دارالحـديث كـه مامۆسـتای بـەڕێز مـاوەی نزیكەی دوو ساڵ لای ماوەتەوه و دەرسی تیادا خوێندووه.

٥–زانا و فەقیه و شارەزا شێخ عبدالرحمن العدني له ولاتی یەمەن.

٦–زانا و شارەزا له بواری عەقیده و بیروباوەڕ شێخ يحي الحجوري له ولاتی یەمەن.

هەروەها بەشدار بووه له دەرسی زۆرێك له زانایانی تریش لەوانه:

١–زانا و پێشەوای ئەهلی سوننه شێخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز رەحمەتی خوای لێ بێت.

٢–زانا و پێشەوای بەرز شێخ محمد بن صالح العثيمين رەحمەتی خوای لێ بێت.

٣–زانای پایەبەرز صالح بن الفوزان الفوزان خوا بیپارێزێت .

٤–زانای پەیابەرز عبدالمحسن بن عباد البدر خوا بیپارێزێت.

٥–زانای پایەبەرز شێخ صالح اللحيدان خوا بیپارێزێت.

٦–زانای فەرموودەناس شێخ ربيع بن هادي المدخلي خوا بیپارێزێت ، وە زۆرێکی تر لە زانایان.

هەروەها چەند زانایەکی بەڕێزیش (ئیجازەی عیلمی)یان پێداوە و چەندانی تریش تەزکیەیان کردووە، لەوانە:

یەکەم : ئیجازەی عیلمی

١–زانای فەرموودەناس شێخ مقبل بن هادي الوادعي رەحمەتی خوای لێ بێت لەوڵاتی یەمەن.

٢–زانا و فەرموودەناس شێخ حمدي بن عبدالمجيد السلفي خوا بیپارێزێت لە کوردستانی عیراق.

دووەم: تەزکیەکان

١–لەلایەن موفتی گشتی شێخ عبدالعزيز بن باز رەحمەتی خوای لێ بێت تەزکیە کراوە بۆ قەبوڵ بوونی لە زانکۆی (محمد بن سعود) بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەو زانکۆیە بە کیتابی ژمارە (١١٣٧٠٨) لە بەرواری (٢٠/١٠/١٤١٩)ی کۆچی.

٢–زانا و فەرموودەناس شێخ مقبل بن هادي الوادعي رەحمەتی خوای لێ بێت لە بەرواری (١٨/ربيع الأول١٤١٩) تەزکیەی کردووە تیاییدا دەربارەی مامۆستا دەڵێت : (یەکێکە لە قوتابیانی عیلم لای ئێمە لە دەماج، وە ئەو خاوەنی خوڕەشتێکی چاك و ئاکارێکی بەرزە)

٣–زانا و فەرموودەناس شێخ (ربيع بن هادي المدخلي) خوا بیپارێزێت لە ئامۆژگاریەکیدا تەزکیەی مامۆستای بەڕێز دەکات و دەڵێت : (شێخ و زانای بەڕێز باوکی عبدالحق الکردی کە من لە زووەوە ناسیومە کە بەڕاستی حەقی خۆش دەوێت و بیر تیژ و زیرەکە و شوێن مەنهەج و ڕێبازی پێشینە چاکەکان"السلف الصالح" کەوتووە ، وە وام ناسیوە کە خاوەن فیقە و شارەزا و چاکە و قیامەتی هەڵبژاردووە بەسەر دونیا و خۆشیەکانیدا، بۆیە قەدەر و ڕێزی ئەم پیاوە بزانن)

وەهەروەها شێخی بەڕێز لە تەزکیەکی دەنگی تۆمارکراودا دەربارەی مامۆستا دەڵێت : (بەڕاستی لە تۆدا ڕاستگۆی و دڵسۆزی پاکی و بێگەردیم بەدی کردووە تا ئەم ڕۆژەی کە ئێمەی تێداین، وە دان دەنێم بەوەدا کە بەڕاستی تۆ خاوەن عەقڵ و ژیری و زانست و فەزڵێکی زۆریت سوپاس بۆ خوا، وە داواکارم لە خوای گەورە کە نموونەی تۆ زیاد بکات)

پاشان لە دوای وەرگتنی زانستی شەرعی لای زانایان گەڕاوەتەوە بۆ کوردستانی ئازیز و وەك پێش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی گەورەی چوارقورنە دادەمەزرێت ، دواتر بۆ تەواوکردنی خوێندنی ئەکادیمی دەستی کردەوە بە خوێندن و توانی بە سەر کەوتووی خوێندنی ماجستێر بە پلەی نایاب تەواو بکات و پاشان لە خوێندنی دکتۆرا وەرگیرا بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەی.

وە مامۆستای بەڕێز خاوەنی چەندین کتێب و بڵاوکراوەیە بە زمانی کوردی و عەرەبی لەوانەش:

یەکەم: بەزمانی کوردی

١-خواپەرستی نەك شەخس پەرستی

٢-تێکۆشان لە پێناوی خوادا.

٣-چیرۆکی مەسیخی دەججال.

٤-نیشانەی ئەهلی بیدعە لە کەدارکردنی مامۆستایانی شوێن کەوتەی سەلەف صالّحە.

٥-گفتوگۆیەکی ئاشکراو هێمانە لەگەڵ مامۆستا سەید ئەحمەدی یەکگرتوو.

٦-سەلەفیەت درێژبوونەوەی سروشتی ئیسلامە نەك گروپێکی تازە دامەزراو.

٧-حەج و عومرە فەزڵ و چۆنیەتی و حوکمەکانی.

٨-هەروەها خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری گۆڤاری "ڕێگای راست"ـە.

دووەم: بەزمانی عەرەبی:

١-اقتضاء القصر للتوحيد في القران المجيد. رسالة ماجستير.

٢-الجهود اللغوية لتقرير العقيدة السلفية ، أطروحة دكتوراه.

٣- براءة السلفية و أتباعها من التفجيرات و أنصارها.

٤-تحذير أهل السنة من الوقوع في الفتنة.

٥-الأقوال السنية في منع الدراسة عند الجمعيات الحزبية.

٦-حكم دراسة اهل السنة في الجامعات.

٧-فضل الصيام و أحكامه.

٨-الترتيبات البيتوينية للمنظومة البيقونية.

داواکارین لە خوای پەروەردگار کە نیەت پاکی و راستی و ئاخیر خێری بە مامۆستای بەرێز و هەموو لایەکمان ببەخشێت.

وصلى الله على محمد و على آله و سلم(**تێبینی**).

---

(تێبینی) ئەم ژیانەی مامۆستا عبداللطیف لەلایەن برای بەرێزمەوە مامۆستا "عبدالغفور عبدالله صالح" ـەوە نوسراوەتەوە، بەهۆی نزیکی لە مامۆستاوە توانی ژیانی مامۆستا بنوسێتەوە، بۆیە بەشێوەکی رەسمی بۆی ناردم، خوای گەورە پاداشتی خێری بداتەوە، منیش حەزم کرد لەم پەرتووکەدا بڵاوی بکەمەوە.

# پێشەكی

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده و نستعينه و نستغفره ، و نعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا .

من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، و أشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمد عبده و رسوله.

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا ﴾ النساء: ١

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا (٧٠) يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴾ الأحزاب: ٧٠ - ٧١

أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله، وخير الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة.

**حزبایەتی یەكێكە لەو بابەتە باوانەی سەردەم كە ناكۆكیەكی زۆری لەسەرە لە نێوان ئەهلی سوننە و گروپە ئیسلامیەكانی تردا، زۆر بوونی حزب و گروپە ئیسلامیەكان بەو شێوەی هەر كۆمەڵێكی موسڵمان حزبێك بۆ خۆیان دروست بكەن، لە راستیدا دیاردەیەكی ترسناكە لەسەر ئوممەتی ئیسلامی، چونكە وا دەكات موسڵمانان لاواز بن بەرامبەر دوژمنانی ئیسلام ، لەگەڵ ئەوەشدا هۆكارە بۆ ئاژاوە و كوشتاری یەكتری.**

**هۆكاری سەرەكی ئەم فرە حزبی یە دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی سەرەكی :**

یەكـەم : پــەیڕەوكردنی دیموكراسـیەت لـە وڵاتـە ئیـسلامیەكاندا، بەمـەش ڕێگـە دەدرێت بەخەڵكی بەوەی هەركاتێك ویستیان لـێ بـوو حزبێـك بـۆ خۆیـان دروسـت بكەن .

وە لە پەیڕەوی دیموكراسیدا حوكم بـۆ گەلـە ، گـەل ئـازادە كـە چ كەسـێك یـان چ حزبێك هەڵدەبژێرێت ، بۆیە بۆ گەیشتن بـە ئـەو حـوكم و دەسـەڵاتە، حزبێكـی زۆر پەیدا دەبێـت بۆ پێشكەش كردنی ئەوەی گەل دەیەوێت.

دووەم : دووركەوتنەوەی خەڵكی لە پـەیڕەوكردنی قورئـان و سـوننە بەتێگەشـتنی سەلەف ، چونكە هەر كۆمەڵگایەك بەرنامەی ژیانی قورئان و سـوننە نـەبێت، ئـەوە دووچـاری تەفرەقــە و دابەشـبوون و فـرە حزبـی دەبێـت، وەكـو خـودای گـەورە دەفەرموێــت:﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ﴾ الأنعام: ١٥٣

بــەم شـێوەیە ئوممــەتی ئیـسلامی لەبــەر ئــەوەی وازیــان لــە قورئانەكـەی خـودا و فەرموودەكانی پێغەمبەرﷺ هێنا، وە شوێنی ڕێبازی سـەلەف نەكـەوتن ، ئـەوە ڕوویـدا كە دەیبینین ، بەوەی كە موسڵمانان هەموویان دژایەتی یەكتر دەكەن لـە جیـاتی ئـەوەی برای یەكتر بن، وە هەریەكەو فیكرە و بیروبۆچونێكی هەیە، لە جیاتی ئـەوەی هـەموویان شوێنكەوتەی قورئان و سوننە بن .

دەبینین هەر كۆمەڵێك لە موسـڵمانان حزبێكیـان بـۆ خۆیـان دروسـت كـردووە، كـە تـەنها جێگای ئەوانەی تێدا دەبێتەوە كە بڕوایان بە بەرنامەی ئەو حزبە هەیە، بەڵكو لەشارێكدا چەندان حزب و گروپ هەیە، وە لەیەك حزبدا چەندان فیكرە و بیروبۆچوونی جیاواز هەیە، كە ئەمەش گورزێكی ترسناكە بۆ سەر موسڵمانان چونكە هۆكارە بۆ تەفرەقە و كوشتاری یەكتری.

كاتێك پێغەمبەرﷺ لـە ژیانـدا بـوو هـەموو كـات هـەوڵی دەدا موسـڵمانان كۆبكاتـەوە و یەكیان بخات و بیانكـات بـە بـرای یـەكتری، وە نـەهێڵێت تەفرەقـەیان تـێ بكـەوێت و لـە شـەقامە ڕاسـتەكەی ئیـسلام لابـدەن. لــە دوای ئــەویش صــەحابە بــەڕێزەكانی هــەمان

هەڵوێستی پێغەمبەریانﷺ نواند ، بۆیە هەر کاتێك گروپێك خۆی جیابکردایەتەوە لە جەماعەتی موسڵمانان و حزبێکی بۆ خۆی دروست بکردایە، ئەوە زۆر بە توندی بەرپەرچیان دەدایەوە، وەکو چۆن بەرپەرچی خەوارج و شیعەیان دایەوە.

بەدوای ئەوانیشدا زانایانی ئەهلی سوننە هەمان هەڵوێستی صەحابەیان نواند دەربارەی تەفرەقە و حزبایەتی، ئەوەبوو کاتێك جەهمیە و موعتەزیلە و مورجیئە و ئەشعەری و ماتوریدی پەیدا بوون ، زانایان بەهەمان شێوە بەرپەرچی ئەم گروپانەیان دەدایەوە چ بە نووسین و چ بە وتار و چ بەهەجرکردن و ئاگادار کردنەوەی موسڵمانان لەم گروپە گومڕایانە.

وە کاتێکیش ئیخوان موسلمین و گروپی تەبلیغ و گروپی تەحریر پەیدابوون، زانایانی ئەهلی سوننە هەمان هەڵوێستی پێشوویان پیشاندا و بۆ خەڵکیان ڕوون کردەوە کە مەنهەجی ئەم حزب و گروپە ئیسلامی یە تازە دروست بووانە دوورە لەمەنهەجی ئەهلی سوننە و جەماعەوە.

بۆیە پێم خۆش بوو لەم پەرتووکەدا فەتوای گەورە زانایانی سەردەم نەقڵ بکەم سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و حزب و گروپە سەردەمیەکان[1] ، وە نموونەیەك لە هەڵوێستی زانایانی سەردەم پیشان بدەم سەبارەت بە حزبایەتی و تەفرەقە، تاوەکو بۆ خوێنەر روون بێتەوە کە زانایانی ئەهلی سوننە حزبایەتی و حزب و گروپە ئیسلامیە سەردەمیەکان بە دروست نازانن ، بەڵکو بڕوایان وایە کە حزبایەتی وەك لەم ڕۆژگارە دا ئەنجام دەدرێت، بریتیە لە تەفرەقە و پەرتەوازەکردنی موسڵمانان.

لێرەدا نزیکەی حەفتا فەتوای زانایانی سەردەمم نەقل کردووە لەسەر ئەوەی کە حزبایەتی دروست نیە، وە ئەو گروپانەی کە ئێستا هەن لە وڵاتە جیاوازەکاندا کە

---

[1] بۆ زیاتر شارەزا بوون بڕوانە پەرتووکی "فەتوای گەورە زانایانی هاوچەرخی ئەهلی سوننە و جەماعەت سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی" نوسینی مامۆستا محمد عبدالرحمن، کە من لە چەند شوێنێکدا سوودم لێ ی بینیوە ، خودای گەورە پاداشتی بەخێری بداتەوە.

گرنگترینیان بریتی یە لە "ئیخوان موسلمین" و "گروپی تەبلیغ"، ڕێبازیان دوورە لەڕێبازی ئەهلی سوننەو جەماعەوە، بۆیە بە ئەهلی سوننەو جەماعە ناژمێردرێن .

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە هەموو ئەو فەتوایانە بەدەنگ و نووسین هێناومە[1]، دوای هەوڵێکی زۆر توانیم ئەو فەتوایانە بەدەنگ کۆبکەمەوە، پاشان بیان نووسمەوە و وەریان بگێڕمە سەر زمانی کوردی.

فەتواکان لەگەڵ ئەوەی بەزمانی عەرەبی و کوردی نوسراوەتەوە ، لەهەمان کاتدا هەموو ئەو فەتوایانە بە دەنگ لەناو سیدیەکدا کۆکراوەتەوە کە لەگەڵ ئەم پەرتووکەدایە.

نەقڵ کردنی فەتواکان بە دەنگ لە ناو سیدیەکەدا لە ڕاستیدا چەند گرنگی یەکی تایبەتی خۆی هەیە لەوانە:

یەکەم : زیاتر دڵنیای دەبەخشێت بە خوێنەر ، چونکە خوێنەر ڕاستەوخۆ گوێ بیستی هەڵوێست و فەتوای زانایان دەبێت سەبارەت بە حوکمی حزبایەتی و حزب و گروپە سەردەمیەکان، ئەمەش دڵنیای زیاتر دروست دەکات لای خوێنەر.

دووەم : هەروەها هێنانی فەتواکان بە دەنگ ، ئەو بیانوو و گومانانە ناهێڵێت، کە بووترێت فەتواکان پچڕان و گۆڕانی تێداکراوە.

سێهەم: وەڵامێکە بۆ ئەوانەی کە دەڵێن : سەلەفیەکان ڕاست ناکەن لەوەی کە دەڵێن: زانایان حزبایەتی بەدروست نازانن.

**هەر نوسخەیەکی ئەم پەرتووکە سیدی یەکی لەگەڵ دایە**، لەناو ئەو سیدی یەدا هەموو ئەو فەتوایانەی بە فایلی (mp3) تێدایە کە لە کتێبەکەدا ژمارەی بۆ

---

[1] جگە لەیەك فەتوا نەبێت، ئەویش بریتیە لە فەتواکەی شێخ "ابن باز" کە لە کۆڤاری"المجلة"دا ژمارە(٨٠٦) لاپەرە(٢٤) نەقڵ کرابوو، ئەم فەتوایە بە دەنگ نیە، بەڵکو لەسەر زاری شێخ (ابن باز)ـەوە نووسراوەتەوە، هۆکاری نەقڵ کردنی ئەم فەتوایە لەم پەرتووکەدا ئەوەیە؛ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە فەتواکەی دوای خۆیەوە ، بۆیە لەم پەرتووکەدا نەقڵم کردووە.

دانراوە، وە هەموو فەتواکان لە ناو سیدیەکەدا بە زمانی ئینگلیزی ژمارەی بۆ دانراوە، بۆ نموونە: فەتوای ژمارە (١) لەناو کتێبەکەدا، بەهەمان ژمارە دەنووسرێت لەناو سیدیەکە بەم شێوەیە:

**FATWA NO.(01)**

وە بۆ فەتوای ژمارە (٢) بەم شێوەیە دەنووسرێت:

**FATWA NO.(02)**

وە بۆ فەتوای ژمارە (٤٤) بەم شێوەیە دەنووسرێت:

**FATWA NO.(44)**

هەروەها بۆ فەتواکانی تریش بەم شێوەیەن.

داواکارم لە خوێنەر گوێ لەفەتواکان بگرێت بەدەنگ، تاوەکو ئەو ڕاستی یەی بۆ دەرکەوێت کە "زانایانی ئەهلی سوننە حزبایەتی و تەفرەقە و گروپە ئیسلامیەکانی سەردەم بەدروست نازانن".

**هەر لەم پەرتووکەدا وەڵامی ئەو شوبهانە دراوەتەوە کە حزبیەکان دەیهێننەوە سەبارەت بە بابەتی حزبایەتی و کاری حزبی، ئەویش لەبەشی کۆتای ئەم پەرتووکەدایە بەناونیشانی "هەڵوەشاندنەوەی شوبهەکان سەبارەت بە حزبایەتی"**

**چەند خاڵێکی گرنگ:**

١- ڕێگە نادەم بەهیچ کەسێك ئەم کتێبە بفرۆشێت بەبێ سیدیەکە، بەڵکو پێویستە هەموو نوسخەیەکی کتێبەکە لەکاتی فرۆشتندا سیدی فەتواکانی لەگەڵدا بێت .

٢- مافی لەبەرگرتنەوەی سیدیەکە بۆ هەموو کەسێکە بەبێ گۆڕین وپچراندنی فەتواکان ، بەڵام کتێبەکە مافی لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر.

٣- سیدیەکە ئیش دەکات بە هەموو ئەو ئامێرانەی سیدی ئیش پێدەکەن.

٤- ئـەم كتێبـە بەنووسـین بـەم زووانـە لـە "سـایتی فـیردەوس" دادەنرێـت ، كـە ئەمەش ناونیشانی سایتەكەیە:
www.Firdews.com

٥- ئـەو مامۆسـتا بەڕێزانـەی كـە تـەعلیق و تێبینیـان لەسـەر پەرتووكەكـە نووسـیوە ڕاستەوخۆ لە پەراوێزدا نەقڵم كردووە و ناوی خۆیانم لە كۆتای یان لە سەرەتای قسەكانیاندا نووسیوە، وە ئـەوەی دەمێنێتـەوە لـە تـەعلیق و تێبـینی هـەمووی هـی خۆمە.

لەكۆتایدا زۆر سوپاسـی ئـەو مامۆسـتا بەڕێزانـە دەكـەم كـە ئـەركی پێداچـوونەوەی ئـەم پەرتووكەیان گرتە ئەستۆ لەوانە: مامۆستای بەرێز و خۆشەویست مامۆسـتا "عبداللطيف أحمد" و مامۆستا "جمعه علي خورشـيد" و مامۆسـتا "محمـد عبـدالرحمن كـلاري" و بـرای بەرێزم كاك "خليل فهمي عمر".

هەروەها زۆر سوپاسی مامۆستا "صلاح الدين عبدالكريم" و مامۆستا "رمضان قابيل" و كاك "كاوه أكرم" دەكەم كە یارمەتیان دام لە پێداچوونەوە و چاكسازی و چاككردنەوەی هەڵەی بەشێك لە پەرتووكەكە، داواكارم خودای گەورە پاداشـتی بـە خێریـان بداتـەوە لـە دونیا و قیامەتدا.

**هیوا نجم الدين حيدر**

**٢٨-شعبان-١٤٣٠ك**

**چەمچەماڵ.**